# نامەیەک بۆ باڵوێزخانەی ئێراقی عروبە لە ستۆکهۆڵم
# نە ئێراقیم، نە موسڵمان!



3.12.2005 شەممە

دەرسیم دیبەگەیی
Darsim88@hotmail.com

بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانی موسڵمانانەوە، باڵوێزی کۆماری عارەبی ئێراق لە ستۆکهۆلم، دکتۆر ئەحمەد بامەڕنی، نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ منی بەزۆرو بەناو هەم موسڵمانو هەم ئێراقی ناردووە. نامەکە بەهەر سێ زمانی عارەبی، کوردیو ئینگلیزی نووسراوە، ئەمە دەقی پیرۆزباییە کوردییەکەیە: (جەژنی ڕەمەزانتان پیرۆز بێت).

بەر لەهەموو شتێک نازانم ئەدرەسی منیان لەکوێ وەرگرتووە! دواتر هەرکەسێک لەنزیکەوە بمناسێت، باش دەزانێت کە نە باوەڕم بە ئیسلام نە بە ئێراق هەیە! هەر لەو ڕۆژەی کە هەستم بەداگیرکردنو دابەشکردنی کوردستان کردووە، ئەو ڕاستییەم بۆ ڕوونبۆتەوە کە ئیسلامو ئێراق دوو ڕووی یەک دراونو تەواوکەری یەکترن بۆ درێژەدان بەدابەشکردنو داگیرکردنی کوردستانو، هەموو ئەو کارەساتو قوڕبەسەرییانەی بەسەر کوردو کوردستاندا هاتوون، ئەوە ڤیرۆسی ئیسلامو ئێراق بۆی بەدیاری هێناون.

بۆ من ئیسلامو ئێراق جگە لەدوو ڤیرۆسی کوشندە شتێکی تر ناگەیەنن، بۆیە بەهەموو توانای خۆم هەوڵی خۆ پاراستن دەدەم لەم دوو ڤیرۆسە کوشندەیە! کەچی ئێوەی کۆمپرادۆر ئێستا دەتانەوێت، وا بەئاسانی ئەو دوو ڤیرۆسەیە جارێکی تر بخەنەوە ناو جەستەی پاکو بێگەردم!!

بۆ من، ئێراق جگە لە وڵاتێکی داگیرکەری کوردستان هیچ شتێکی تر ناگەیەنێو، هەرگیز ئێراق نابێتە وڵاتێکی وا دیموکراتیو فیدراڵی کە ئێوە بانگێشەی بۆ دەکەن، هەروەها ئیسلام جگە لە حزبێکی عارەبی شۆڤینیستی بەعس ئاساو، قورئانیش جگە لە بەرنامەی حزبێکی ڕەگەزپەرستی عارەبی هاوشێوەی بەعسەکەی ئێراق بێت یان سوریا، مانایەکی تر نابەخشێت!

لەبەندی 3ی دەستووری هەمیشەیی ئێراق هاتووە: (عێراق وڵاتێکی فرەنەتەوەو ئایینو ئاینزایەو، بەشێکە لە جیهانی ئیسلامیو ئەندامێکی دامەزرێنەرو کارای کۆمکاری عارەبییەو پابەندی بەڵێننامەکەیەتی). بەگوێرەی ئەم بەندەش، ئێراق بەکوردستانەوە دەکەنە بەشێک لە خاکو نیشتمانی عارەب. مادەی (1)ی بەڵێننامەی کۆمکاری دەوڵەتانی عارەبی، دەڵێت: (کۆمکاری دەوڵەتانی عارەبی لەدەوڵەتە سەربەخۆ عارەبییەکان پێکدێت کە واژۆ (ئیمزا)ی ئەو بەڵێننامەیان کردووەو هەریەک لە دەوڵەتانی عارەبی سەربەخۆ، مافی ئەوەیان هەیە بێنەناو ئەو کۆمکارە).

بەر لەهەموو شتێک ڕوونو ئاشکرایە کە بەڵێننامەکە بەناوی (دەقی بەڵێننامەی کۆمکاری دەوڵەتانی عارەبی بڵاوکراوەتەوە)، کەواتە تایبەتە بە دەوڵەتانی عارەبیو هەر دەوڵەتێک ببێتە ئەندامی کۆمکار، ئەوە دەبێت دەوڵەتێکی عارەبی بێت!! هەروەکو گوتیشم بەگوێرەی بەندی یەک، کۆمکاری عارەبی تەنیا لەدەوڵەتانی عارەبی سەربەخۆ پێکدێتو، ئەگەر ئێراق وڵاتێکی فرەنەتەوەیەو عارەبی نیە، بۆ دەبێت ببێت بەئەندامی کۆمکارێکی عارەبی؟ کەواتە ئێراقتان بە کوردستانەوە کرد بە نیشتمانی عارەب!!

لەکۆتاییدا پێتان ڕادەگەیەنم کە دەبوایە ئەو پیرۆزباییەتان بۆ مەلا کرێکارو عەلی باپیر بناردایە کە هەردەم مەسەلە نەتەوەییەکە دەکەنە قوربانی مەسەلە ئایینییەکە، نەک بۆ منێک کە پێچەوانەی ئەوانم. لەو ڕۆژانەشدا نامەکەتان بۆ ڕەواندەکەمەوەو، هیوادارم ببڕای ببڕ جارێکیتر هەڵەی وا نەکەنو هیچ نامەیەکم بۆ نەنێرن تا ئێراق، ئێراقی ئیسلامو عروبە بێت!!.